www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:38 21-11-2007

خودایە ئێمەش کوردی تۆین* ... سیروان ناشاد

سەرنوسەری رۆژنامەی "پرس"

لەوەتەی هەین قڕەکرێین و دەڵێین (قوڕتان بەسەر)، لەوەتەی هەین هاوار دەکەین کە نەفەسێکی ژیانمان ماوە (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان)، لەوەتەی هەین جەستەمان خوێنی لێدەتکێ و لاشەی نیشتمانمان شەقار شەقار بووە، هەر جومگەیەکمان بەدەستی جەللادێکەوە رادەکێشرێ و هەر نەفەسێکمان دەستیان لەبینی ئالاندووە.

خودایە ئێمەش کوردی تۆین، رۆژێك سورمەخانمان بە تالان دەبرێتە تاران و تەورێزو رۆژێك لەسایەی خەلافەتی عەباسیەکاندا کوللەو کرم و کورد بێزەوەر دەکرێ و رۆژێك گەنج خەلیلەکانی دەقەری بەفرو برین بەدەستی تورکەکانەوە دەنارێنن.

خودایە ئێمەش کوردی تۆین، دەمی دەمانکەنە هاوەڵی شەیتان و دەمێ بە نەوەی یەعقوب و دەمێ بە گڕ پەرستی چیاکان و هەموو دەمێکیش هەر خۆمان بووینە.

دوێنێ سەڵاحەددینێکمان کردە خەڵات و عەرشی روخاویانی دروستکردەوەو پێری ئەبو موسلیمی خوراسانیمان تاجی تورهەڵدراوی عەباسیەکانی وەرگرتەوە، کەچی هەردەم بەرانە کێوی قوربانیی دەستی ئەوانین و نزاو دوعایەکیشمان گیرا نەبوو.

خودایە ئێمەش کوردی تۆین، نەبرای عەرەبی چاو ڕەش و نە ئاغای زوبان شیرینی شەکرو نە قەرداشی مێژووی رمی هاوبەش و نەکەس ئاوڕێکی ئینسانیانەی لێداینەوە.

خودایە کەشتی نوحت لەپڕ خێرترین مەملەکەتدا گیرسانەوە کەچی پڕ مەرگترینیانە، بەناوی ئایەتەکانی تۆوە قڕەکرێین، تالان دەبرێین، وێران دەکرێین، خۆ ئێمەش هەر کوردی تۆین.

(خودایە بن بالّمان بگرە) و هیمەتێکمان بدەرێ، خودایە پڕمانکە لە ئازایەتی و لێوان لێومان کە لە هەڵسان و دەستمان بگرە بۆ ئاسمان و هەنگاوێکمان پێبهاوێژەو جوورئەتێك بدە زوبانمان، تەنها جورئەتێك، جورئەتێك خودایە تاپێی بێژین دەوڵەت.. دەوڵەت.. دەوڵەت...

*وتەیەکی سەلیم بەرەکاتە (الهی نحن اکرادك)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.